بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران
ژمارە (١٢٠) لە ٢٠٢١/١١/٣

پشتبەست بە حوکمەکانی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و ئاماژە بە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٦٩) لە ٢٠٢١/١١/٣، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا بە:

١. پەسەندکردنی (پەیڕەوی ئەنجومەنی باڵای گەشەپێدانی خانمان لە هەرێمی کوردستان - عێراق)، و لابردنی بڕگەی (چوارەم) لە ماددەی (٤) لە ڕەشنووسی پەیڕەوەکە و گۆڕینی دەستەواژەی (بەشداریپێکردن) لە سەرەتای بڕگەی (سێیەم) لە ماددەی (٣) بۆ (بەشداریکردن).

٢. سپاردنی هەریەک لە بەڕێزان (سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران، سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران، ئەمینداری گشتیی ئەنجومەنی باڵای خانمان) بۆ چاوخشاندنەوە بە ئەندامانی ئەنجومەنی باڵای گەشەپێدانی خانمان هاتوو لە بڕگەی (یەکەم) لە ماددەی (٢)ی ڕەشنووسی پەیڕەوەکە لەبەر ڕۆشنایی ئەو تێبینی و سەرنجانەی خرانەڕوو لە کۆبوونەوەکە، و بەرزکردنەوەی پێشنیار بۆ بەڕێزان سەرۆک و جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بۆ پەسەندکردنی ئەندامانی ئەنجومەنەکە.

٣. سەرجەم وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن.

مەسرور بارزانی
سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران